
شێوازی نوێی خاڵبەندی و
ڕێنووسی کوردی
ئەندازیار ئیسلامی
شێوازی نوێی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

# شێوازی نوێی خاڵبەندی و
# ڕێنووسی کوردی

# شێوازی نوێی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی

ئامادەکردنی:

ئەندازیار ئیسلامی

# شێوازی نوێی خاڵبەندی و ڕێنووسی کوردی

نوسینی: ئەندازیار ئیسلامی

بڵاوکردنەوەی: زادی ڕێمان

ساڵی: ٢٠١٨ز-١٤٣٩ھ

قەبارە: ١٧*٢٤

له بڵاوكراوەكانی ماڵپەری زادی ڕێمان
زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ........ ٦
پێشەكی ........ ٧
نیشانەكانی خاڵبەندی ئەمانەن ........ ١١
یەكەم- خاڵ (.) ........ ١٣
دووەم- جووت خاڵ (:) ........ ١٥
سێیەم- بۆر (،) ........ ١٦
چوارەم- خاڵبۆر (؛) ........ ١٩
پێنجەم- نیشانەی پرس (؟) ........ ٢٠
شەشەم- نیشانەی سەرسوڕمان (!) ........ ٢١
حەوتەم- جووت كەوانەی بچووك « » ........ ٢٢
هەشتەم- جووت كەوانەی مامناوەند ( ) ........ ٢٣
نۆیەم- جووت كەوانەی گەورە [ ] ........ ٢٥
دەیەم- هێڵی جیاكەرەوە یان تەقەڵ (-) ........ ٢٦
یانزەیەم- سێ خاڵی یەک لەدوای یەک (...) ........ ٢٩
دوانزەیەم- بۆشایی (فراغ) ........ ٣٠
سیانزەیەم- هێڵی لاری (/) یان (\) ........ ٣٣
چواردەیەم- ئەستێرە (*) ........ ٣٣
پانزەیەم- تیر ( ) ........ ٣٣
شانزەیەم- دووبارەبوونەوە وەک ئەوەی پێشوو ( 〃 ) ........ ٣٤
حەڤدەیەم- یەکسانە (=) ........ ٣٤
سەرەڕای ئەو (١٧) خاڵەی پێشوو، پێویستە لەڕێنووسدا، رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوەیش بکەین: ........ ٣٥
سەرچاوەکان: ........ ٣٩

# پێشەکی

لەزمـــانی نوســـیندا پێویســـتیمان بەخاڵبەنـــدی هەیە، کە لەکۆمەڵێـک نیشـانەو ئامـاژەی بڕیـار لەسـەر دراوی زماننـاسـەکان پێکهاتووەو تایبەتە بەدەقی نوسراو، لەبواری قسەو ئاخاوتنی ڕۆژانەوە ئەم نیشـانەو ئامـاژانە فێرنـابین، بەڵکـو لەڕێـگەی وردبوونەوەمـان لەدەقە نوســـراوەکانەوە فێریـــان دەبـــین، دیســـانەوە ئامـــانجیش لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە خاڵبەندییە، بریتییە لەڕێگرتن لەشێواندنی مانـای دەقەکان و ئاسـانکردنی تێگەیشـتن لێیـان و خـۆ بەدوورگـرتن لەبەهەڵە خوێنـــدنەوەیان. لەنووســـینی هەر دەقێکـــدا، ســـەرەڕای ڕەچـاوکردنی کۆمەڵێـک یاسـاو ڕێسـای نوسـین، پێویسـتە نوسـەر ڕەچاوی یاساکانی خاڵبەندییش بکات، ئەگەر دەقێک کە خاڵبەندی تێـدا ڕەچاونەکرابێـت، دەبێـتە هۆکـاری سەرلێشـێواندنی خـوێنەرو بەهەڵە تێگەیشتنی لەنوسراوەکە.

ڕەچـاوکردنی خاڵبەنـدی لەنێـوان بەشـەکانی ئاخاوتنـدا لەکـاتی نووسـیندا بـۆ جیاکردنەوەیـان لەیەکتری، یـان بایەخـدان بەدەربڕینی دەنـگ و سـۆز لەکـاتی خوێنـدنەوەدا، کـارێکی گرنـگ و پێویسـتە. خاڵبەندی پەیوەندییەکی بەهێزو فرمانیی هەیە بەخوێندنەوەو واتـای ئاخاوتنەوە، چونکە هەر باسێک لەکۆمەڵێک بڕگە پێکهاتووە، هەموو

بـــڕگەیەکیش لەکۆمەڵێـــک ڕســـتە پێکهـــاتووە، ئەم ڕســـتانەیش هەندێکیان سادەو سەربەخۆن، هەندێکیان چوونەتە پاڵ یەکتر، یان ئـاوێتەی یەکتـر بـوون، یـان جـاری ئەوتـۆ هەیە ڕسـتەیەک لەنـاو ڕسـتەیەکی تـردا دەبینرێ، کە واتـاکەی سـەر بەڕسـتەیەکی تـرە، جـگە لەمـانە ڕسـتە لەچەنـد وشـەیەکی جۆراوجـۆر سـازدەبێت و نوسـەر دەیەوێت ئەو پەسـتییە، یـان شـادییە، یـان هەر کارێکی تـری دەروونی خۆی بەو وشانە دەربڕێت، یان بوخرێتە کەسێک، یان پرسێک بکات. خاڵبەنـدی باشـترین هۆکـارە بەدەسـتی نوسـەرەوە، کە لەنووسـیندا هەسـتی دەروونی خـۆی پێـدەربڕێت، هەروەهـا بەدەسـتی خـوێنەرەوە، کە هەڵە لەخوێندنەوەیدا نەکات.

هەر بەیارمەتیی نیشانەکانی خاڵبەندی دەتوانین جەخت لەدەربڕینێک بکەیـــنەوەو ئـــاوازی قســـەیش لەنوســـیندا بەرجەســـتەبکەین. واتە: دەتـــوانین بەجۆرێـــک خاڵبەنـــدی بەکـــاربهێنین کە خـــوێنەر لەکـــاتی خوێندنەوەی نوسراوەکەماندا هەست بەئامادەبوونی خۆمان بکات و بتوانێت گوێی لەئاوازی دەنگمان ببێت، ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانی شـیاوو لەشـوێنی خۆیـدای نیشـانەکانی خاڵبەنـدی، بەشـێکی گـرنگە لەپێکهـــاتەی جوانناســـییانەی هەر نوســـراوێک، پشتگوێخســـتن و بەهەڵە بەکارهێنانیـــان لەو جـــوانییە کەمـــدەکاتەوە، کە لەئەنجـــامی ڕێکخستنی بەشەکانی هەر دەقێکەوە پێیدەگەین.

نوسینی نامە کارگێڕییەکان، داواکردنی بڕوانامە، داواکاریی گۆڕینی ئەو زانکۆیەی تێیدا دەخوێنین، نووسینی نامەی ئاسایی بۆ کەسێک، نووسینەوەی یادداشتی ڕۆژانە، لەهەموویشی گرنگتر ئامادەکردنی ڕاپۆرت و نووسینی توێژینەوەی دەرچوون، یان زانستی، ڕێکخستەوەی ئەو گفتوگۆیانەی بۆ باسە مەیدانییەکان ئەنجامدەدرێن، تۆمارکردنی زانیارییەکان، گوستنەوەی وتەی نوسەرانی تر، ئاماژەدان بەسەرچاوەکان بەشێوەیەکی ورد؛ ئەو لایەنانەن کە پێویستە فێرخوازان لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا شارەزایی تێدا پەیدابکەن و کردەییانە بەکاریان بهێنن. چونکە بەبێ بەکارهێنانی ئەم نیشانەو ئامرازانە ناکرێ فێری چاکنووسین و نووسینی زانستییانە ببین و دەربڕینی باش لەخراپ جیابکەینەوە.

خاڵبەندی؛ یارمەتیمان دەدات تا ئەو دەقەی، کە دەینووسین، هەڵگری ڕێکخستن و جوانکاریی و ڕوونیی خۆی بێت و خوێنەر بتوانێت لێی تێبگات و پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستێت.

مەسەلەی خاڵبەندی هەر تەنها بابەتێکی نەزەری و پسپۆڕییانە نییە، کە زمانناسەکان لەسەری ناکۆکن، بەڵکو بابەتێکیشە پێویستە ببێتە بەشێک لەهۆشیاریی خوێنەر تا بۆ خۆی لەمیانەی نوسین و خوێندنەوەیدا، ڕێکخستنێکی مانادار بەدەقەکان ببەخشێت و لەکاتی

نووسیندا ڕەچاوی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی بکات، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی خاڵبەندییەکی دروستەوە، لەزۆر کێشەی بەهەڵە نووسین و بەهەڵە خوێندنەوە ڕزگارمان ببێت، هەروەک چۆن بەمەبەستی شارەزابوونی شوێنێکی نوێ، پێویستیمان بەنەخشەیەک هەیە تا ڕێگەمان لێتێکنەچێت، بەهەمان شێوەیش لەکاتی خوێندنەوەو نووسیندا، پێویستیمان بەکۆمەڵێک زانیاری هەیە، تا لەناو شەقام و کۆڵان و لاڕێی وشەو ڕستەکاندا، دووچاری ئاڵۆزیی نەبین.

## نیشانەکانی خاڵبەندی ئەمانەن:

**یەکەم- خاڵ (.)**

**دووەم- جووت خاڵ (:)**

**سێیەم- بۆر (،)**

**چوارەم- خاڵبۆر (؛)**

**پێنجەم- نیشانەی پرس (؟)**

**شەشەم- نیشانەی سەرسوڕمان (!)**

**حەوتەم- جووت کەوانەی بچووك « »**

**هەشتەم- جووت کەوانەی مامناوەند ( )**

**نۆیەم- جووت کەوانەی گەورە [ ]:**

**دەیەم- هێڵی جیاکەرەوە، یان تەقەڵ (-):**

**یانزەیەم- سێ خاڵی یەک لەدوای یەک (...):**

**دوانزەیەم- بۆشایی (فراغ):**

**سیانزەیەم- هێڵی لاری (/) یان (\):**

**چواردەیەم- ئەستێرە (*):**

**پانزەیەم- تیر (    ):**

**شانزەیەم- دووبارەبوونەوە وەک ئەوەی پێشوو (〃):**

**حەڤدەیەم- یەکسانە (=):**

یەکەم- خاڵ (.): راوەستانێکی تەواو پیشاندەدات و لەم شوێنانەدا دادەنرێ:

أ- لەکۆتایی هەموو رستەیەکدا، جگە لەڕستەکانی پرسیاری و سەرسوڕمان، وەك:

موحەڕەم، یەکەم مانگی ساڵی کۆچییە.

سبەی بۆ زانکۆ دەچم.

ب- لەدوای یەکەم یان یەکەم و دووەم پیتی ناوێك، کە پێش ناوهێنانی پاشناوەکەی بکەوێت، وەك:

د. عەبدوڵڵا عەزام.

د. ق. ئامێدی.

ج- بۆ کورتکردنەوەی هەندێک پیشەو نازناوو مێژوو، دوای یەکەم پیت دادەنرێ، وەك:

ساڵی (٣٥ی کۆ.) سوپای ئیسلام، گەیشتە سنووری وڵاتی چین.

د. سۆران، پزیشکێکی بەتوانایە.

د- هەنـدێک جـار لەجیـاتیی نیشـانەی سەرسـوڕمان، لەدوای ئەو رسـتانەوە دادەنـرێ، کە داواکاریـان تێـدایە، وەك: وەڵامەکانتـان بەراوردبکەن.

هـ- ئەگەر کاتێـک بتەوێـت لەبەرنـامەیەکی وەك (Word)دا دێڕەکـان بەژمارە دیاریبکەیت، خۆی پاش ژمارەکان خاڵ دادەنێت، وەك:

١. مرۆڤ بۆی هەیە، بیروڕای خۆی دەربڕێت.

٢. پێویسـتە هەمـوو کەسێک لەبەردەم دادگـادا، مـافی بەرگریکردنـی لەخۆی هەبێت.

**تێبینی:**

أ- پێویسـتە خـاڵ (.) بلکێنرێ بەوشـەکەی پێشـییەوەو بۆشـایی لەنێوان خۆی و وشەکەی دوایدا هەبێت.

ب- لەکۆتایی سەردێڕدا خاڵ دانانرێ، مەگەر لەچەند رستەیەک پێکهاتبێت.

دووەم- جووت خاڵ (:): نیشانەی لێکدانەوەیەو لەم شوێنانەدا دادەنرێ:

أ- لەپێش ئاخاوتنێکەوە، کە وەك خۆی بگێڕرێتەوە، یان بووترێ، وەك:

ئاسۆ وتی: "من لەدارولئیسلام دەژیم".

ب- لەکاتی ژماردنی بەشە پێکهێنەرەکانی شتێکدا، وەك:

میرنشینە کوردییەکان، بریتیبوون لە: ئەردەڵان، سۆران، بادینان، بابان، هەکاری و بۆتان.

ج- لەدوای وشەیەك یان باسێك، کە پێویستی بەلێکدانەوەو شیکردنەوە هەبێت، وەک:

زەوت: بێگار، جادوو: چاوبەست، ... تاد.

د- لەپێش هێنانەوەی نموونەدا، لەجیاتیی: (بۆ وێنە، وەك، بۆ نموونە ...تاد.) بەکاردێت، لەم دۆخەدا دەتوانرێ تەقەڵێکیش لەدوای جووت خاڵەکە دابنرێ، وەك:

ئاسمانی ئەدەبی کوردی پڕە لەئەستێرەی درەوشاوە: بێخود، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، ...تاد.

هـ- زۆر جار لەنێوان یەکەکانی کاتژمێردا، بەکاردەهێنرێ، وەك:

کاتژمێر {٣٠:٢٠:١٠}، واتە: کاتژمێر ١٠و ٢٠ خولەك و ٣٠ چرکە.

تێبینی: پێویستە جووت خاڵ (:)، بلکێنرێ بەوشەکەی پێشییەوەو لەنێوان خۆی و وشەکەی دوایدا، بۆشایی هەبێت.

سێیەم- بۆر (،): نیشانەی کورتترین راوەستانە، لەو شوێنەدا بەکاردەهێنرێ کە وا لەڕستەکە بکات بەئاسانی بخوێنرێتەوە، روون بێت و بەباشی خوێنەر تێبگەیەنرێ. بۆر؛ چارەسەرێکی باشە بۆ رستەی دوورودرێژی پشووبڕ، لەم شوێنانەدا دادەنرێ:

١- لەدوای ناوی بانگکراوەوە، وەك:

موسوڵمانینە، بۆ هێنانەوەی حوکمی ئیسلام، تێبکۆشن.

٢- لەنێوان جێگرو جێلێگیراودا، وەك:

سەید قوتب، نوسەرو بیریاری ئیسلامی، لەمیسر لەدایکبووە.

٣- لەو شوێنانەی کە ژمێرراو، یان دووبارەبوونەوەی تێدایە، لەنێوان وشەکاندا بەکاردەهێنرێ، وەك:

ئارد، ئاو، خوێ بۆ دروستکردنی نان، پێویستن.

ئازاد زانیارییەکی باش، باشی هەیە.

٤- بۆ جیاکردنەوەی وشەی سەرسوڕمان یان وشەی بانگکراو لەڕستەدا، وەك:

ئۆف، چ ئازارێك بوو!

ئاسۆ، پێنوسەکەم بدەرێ.

٥- بۆ دابڕینی زنجیرەیەک وشە لەیەکتری، کە دوودوو پێکەوە بەکارهێنرابن، وەك:

موجاهیدی ئیسلامی، بەبرسێتی و تینوێتی، بەهەژاری و ماندوێتی، کۆڵنادات.

٦- لەدوای گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ؛ بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک، وتەیەکی کۆنی خۆی بگێڕێتەوە، وەك:

خۆم وتم، "سەرکەوتن بەسەر گرفتەکاندا، ئەستەم نییە."

٧- لەپێش ئامرازی لێکدەری (یا، یان)ەوە، بەمەرجێك نەکەوتبێتە سەرەتای رستەوە، وەك:

یان نامەکە بنووسە، یان پەرتووکەکە بخوێنەرەوە.

٨- لەدوای وشەی (بەڵێ، نا، نەخێر)ەوە، وەك:

بەڵێ، نامەکەم نارد.

نا، لەوکاتەدا ناتوانم بەشداربم.

٩- لەجیاتیی کردارێك بۆئەوەی دووبارەنەبێتەوە، وەك:

من دەچم بۆ سلێمانی و ئەویش، بۆ هەولێر.

١٠- لەڕستەی ئاوێتەدا، دەتوانرێ لەبری ئامرازی لێکدەری (کە) بەکاربهێنرێ، وەك:

پێمخۆشە، پێکەوە بۆ زانکۆ بچین.

سوپاس بۆ بەڕێزت، هاوکارم بوویت.

١١- لەڕستەی ئاوێتەدا بۆ دابڕینی پاڕستە لەشاڕستە بەکاردەهێنرێ، وەک:

ئەو بەفرەی کە لەزستاندا دەبارێت، لەهاویندا دەتوێتەوە.

١٢- لەناو ژمارەکاندا، پێشتر پیتی (ر) لەجیاتیی دابڕ بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا تەنها نیشانەی بۆر (,) بۆ دابڕ بەکاردەهێنرێ، وەک: ٢,٣٧ ، ٠,٢٣ ، ١٢,٤٨ ... تاد.

**تێبینی:** پێویستە بۆر (،) بەوشەکەی پێشییەوە بلکێنرێ و بۆشایی لەنێوان خۆی و وشەکەی دوایدا هەبێت.

**چوارەم- خاڵبۆر (؛):** بۆ وچانگرتنێکی درێژتر لەوچانگرتنی بۆری سادە بەکاردەهێنرێ، زۆر جار لەو ڕستانەی زۆر لێکنزیکن لەجیاتیی خاڵ، دادەنرێ؛ وەک:

أ- لەم ساڵانەی دواییدا موسوڵمانێکی زۆر شارەزای ئیسلام بوونەتەوە؛ موسوڵمانەکان دەتوانن سوودێکی زۆر بەسەرجەمی مرۆڤایەتی بگەیەنن.

ب- بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەی، کە لەڕووی بنیادو واتاوە سەربەخۆ دەردەکەون، بەڵام لەدەربڕینێکی دوورودرێژدا پەیوەندیی واتاییان پێکەوە هەیە، وەک:

بۆ نووسینی بابەتێکی سەرکەوتوو، پێویستە باش بیربکەینەوە؛ زۆر بخوێنینەوە؛ لەدەربڕیندا ڕوونبین.

ج- لەکاتی هێنانەوەی نموونەو ڕوونکردنەوەی پێویستدا، لەپێش وشەکانی <<وەک، بۆ نموونە، گریمان، واتە، ...>> بەکاردەهێنرێ؛ وەک:

داروولئیسلام؛ واتە: ئەو شوێنەی حوکمی شەریعەتی ئیسلامی تێدا جێبەجێدەکرێ.

گریمان؛ زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان موسوڵمانن، بەڵام هەر بەداروولکوفر دادەنرێ، چونکە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی تێدا جێبەجێناکرێ .

پێنجەم- نیشانەی پرس ( ؟ ): لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەکاردەهێنرێ:

أ- دەخرێتە کۆتایی ئەو رستانەی کە پرسیاریان تێدایە؛ وەك:
ئایا دەزانیت ساڵی چەندی کۆچی، نوێژ لەسەر موسوڵمانان فەرزکراوە؟

ب- بۆ دەرخستنی گومان دەربارەی درووستیی زانیارییەک؛ وەک:
ئازادکردنی کوردستان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە، لەساڵی (١٨ کۆ.)دا بوو؟

ج- بەمەبەستی گاڵتەکردن بەشتێک؛ وەک:

خۆی لێکردووین بەپرۆفیسۆر؟

**شەشـــــەم- نیشـــــانەی سەرســـــوڕمان (!):** ئەم نیشـانەیە بـۆ سەرسوڕمان و داخوازییش بەکاردێت؛ وەک:

أ- لەکۆتـایی ئەو وشـانە، یـان رسـتانەی کە سەرسـوڕمان، یـان پەژارە، یان هەستێکی دەروونییان تێدایە؛ وەك:

ئۆخەی! ئاڵای ئیسلام هەڵکرا.

ئای لەو گوڵانە! چەند جوان گەشاونەتەوە!

ب- هەنـدێك جـار لەکۆتـایی رسـتەی داخوازیـدا بەکـاردەهێنرێ؛ وەك:

بڕۆ دەرەوە!

دەرگاکە دابخە!

ج- دوای هاوارکردن بەکاردەهێنرێ؛ وەك:

ئای! چیم بەخۆم کرد.

**حەوتەم- جووت کەوانەی بچووك « »:** هەندێك جار ئەم هێمایە " " جێگەی جووت کەوانەی بچووك دەگرێتەوەو لەم شوێنانەدا بەکاردەهێنرێن:

أ- کاتێک بمانەوێت گرنگیی تایبەتی بدەین بەوشەیەك، یان دەستەواژەیەك، یان ڕستەیەك، دەیخەینە ناو ئەو هێمایانەوە، وەك:

زانایانی موسوڵمان، ئایینی ئیسلام بەکۆڵەکەی «ئوممەت» دادەنێن.

ب- ناوو ناونیشان و زاراوەی زانستی یان تەکنیکی، ... تاد. - ئەمەیش بەزۆی لەیەکەم بەکارهێنانیدا- وا دەنوسرێ؛ وەک:

«جیهادکردن» بەلوتکەی ئیسلامەتی دادەنرێ.

ج- وتەیەك کە ڕاستەخۆ دەگێڕرێتەوەو ناشکێنرێ و دەستکاری ناکرێ، دەخرێتە نێوان ئەو هێمایانەوە، وەك:

د. موستەفا سیباعی دەفەرموێت: "ئەگەر شتێک لەژیان زیادنەکەیت، زیادەیت."

**تێبینی:** ئەگەر رستەکان؛ بەخاڵ، بۆر، نیشانەی پرس، نیشانەی سەرسوڕمان، ...تاد. کۆتاییان هات، ئەوانیش دەخرێنە ناو کەوانەکانەوە.

## هەشتەم- جووت کەوانەی مامناوەند ( )[1]: ئەمە بۆ چەند مەبەستێك بەکاردەهێنرێ؛ وەک:

أ- وشەی بیانی، یان هاوواتای وشەیەک؛ وەك:

ئێمە هێشتا زمانی پێوەر (ستاندارد)مان نییە.

میری (حکومەت) فەرمانی کاولکردنی ناوچەکەی، زووتر دەرکردبوو.

بۆ نووسینی کوردی، پێویستە تەختەکلیل (keyboard)ێکی کوردی دامەزرێنین.

ب- بەمەبەستی زیاتر روونکردنەوەی بابەتێک؛ وەک:

شاری سلێمانی (کە کەوتۆتە دامێنی چیای ئەزمڕەوە) سلێمان پاشای بابان دروستیکردووە.

---

[1] - خۆم ئەم ناوەم بۆ داناوە، چونکە لەسەرچاوەکاندا هیچ ناوێکی بۆ دانەنراوەو لەهەندێکیاندا بەجووت کەوانەی گەورە ناسێنراوە، کە ئەمەیش هەڵەیە.

ج- بەمەبەستی ئاماژەکردن بەناوی پێشوو، ناوبانگ، نازناو ... تاد. بەکاردەهێنرێ؛ وەک:

شاری مەدینە (یەسریب)، بوو بەیەکەم پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی.

حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) لەوەرگێڕانی هۆنراوەدا، دەستێکی باڵای هەبوو.

د- ئاماژەکردن بەمێژوو؛ وەك:

سنووری دەوڵەتی حەسنەوی (٩٤١-١٠١٤ ز.) هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور بوو.

**تێبینی:**

أ- نابێت بۆشایی لەنێوان وشەکانی ناو کەوانەکان و کەوانەکاندا هەبێت.

ب- کاتێک کەوانەکە دادەخرێ، نابێت بلکێنرێ بەوشەکەی دوای خۆیەوە، بەڵام ئەگەر وشەکە هێشتا تەواونەکرابوو، دەبێت پێیەوە بلکێنرێ، وەك:

ئوسامە ئەم ساڵ (حج)ێکی کرد.

لەزمانی کوردیدا، وشەی (file)یان کردووە بە"پەڕگە".

نۆیەم- جووت کەوانەی گەورە [ ]: بەکاردەهێنرێ بۆ:

أ- ئەو بابەتانەی کە بەشێک نەبن لەمەبەستی سەرەکی:

مامۆستاکە هاتە ناو پۆلەوە [قوتابییەکان بێدەنگبوون]و لەجێی خۆی دانیشت.

ب- لەساغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکاندا، وشە پەیوەستدارەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویستدا، دەخرێنە ناو کەوانەی گەورەوە؛ وەک:

جەنابی وەزیری مەعالی [ئەمین زەکی بەگ] تاریخنووسێکی ناوداری کورد بوو.

ج- کاتێک وەرگێڕ، بەپێویستی بزانێت وشەیەک یان ڕستەیەک بۆ دەقێک -کە دەیەوێت وەریبگێڕێت- زیادبکات، لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، لەناو دەقەکەدا، وشەکە یان ڕستەکە دەخاتە ناو کەوانەی گەورەوە.

د- فەرمانەکانی نواندن لەشانۆدا:

کامەران [بەمۆنییەوە]: ها... زۆر لەخۆت ڕازیت!

دەیەم- هێڵـــی جیـــاکەرەوە یان تەقەڵ (-): ئەم نیشـانەیە لەم شـوێنانەدا بەکاردەهێنرێ:

أ- بەمەبەســتی جیــاکردنەوەی وتەی دوو کەســی گفتوگۆکـار، بۆئەوەی ئەوەندە نەنووسرێ "وتی"؛ وەك:

ئازاد روویکردە ئاکۆو وتی:

- ئاکۆ، گوێت لەسەربازەکانە؟

- بەڵێ، دیارە هەر بۆمان دەگەڕێن.

- تۆ بڵێیت بماندۆزنەوە؟

- خەمت نەبێت، ناتوانن.

- ئەگەر هاتن، دڵنیابە تا مردن بەرگری لەخۆمان دەکەین.

ب- دەتــوانین لەبــری ئەو کەوانە گەورەیە بەکـاریبهێنین، کە لەخــاڵی (ا)ی جووت کەوانەی گەورەدا باسمانکرد؛ وەك:

مامۆستاکە هاتە ناو پۆلەوە -قوتابییەکان بێدەنگبوون-و لەجێی خۆی دانیشت.

دەتوانیت هەرچەند دەتەوێت، میوە -جگە لەمۆز- بخۆیت، سەرەڕای ئەوەیش بارستاییت زیادنەکات.

ج- لەنێوان ژمارەو ژمێرراودا، ئەگەر کەوتە سەرەتای رستەوە، هەرچەندە دەکرێ خاڵیش دابنرێ؛ وەك:

هەندێک لەمەرجەکانی بڵاوکردنەوەی بابەت بریتین لە:

١- بابەتەکە سوودبەخش بێت.
٢- رەچاوی ڕێنووسی کوردی بکرێ.
٣- رەچاوی خاڵبەندی بکرێ.
٤- سەرچاوەکان دیاریبکرێن.

د- کاتێک دوو وشە پێکەوە، دوو رووی جیاوازی یەک مەبەست دەربخەن:

زانستە کۆمەڵایەتی-مرۆییەکان لەکوردستاندا بایەخی زۆریان پێدراوە.

ه- بەواتای "بۆ، هەتا، تاکو " بەمەبەستی پیشاندانی مەودای شوێن و کات بەکاردێت:

بەئازادکرانی کەرکوک، هێڵی هاتوچۆی هەولێر-سلێمانیی جارێکی تر پێکەوە بەسترانەوە.

تەنـــــانەت تەمەن (١٠-١٢) ســـــاڵەکانیش، لەڕیســـــوابوونی دەسەڵاتدارەکانی کوردستان تێدەگەن.

و- لەکۆتایی دێڕێکدا، ئەگەر هەموو وشەکە جێینەبێتەوەو بمانەوێت بەشێك لەوشەکە هەر لەو دێڕەدا بنووسین، ئەوا هێڵ دادەنێین، وەك:

................................ ڕێبا-

-زەکان ............................

**تێبینی:** لەم شوێنانەی خوارەوەدا هێڵەکان بەبێ بۆشایی دادەنرێن:

کاتژمێر (١٢-١٦) کاتی پشووە.

توانا لەهەفتەیەکدا (٧-٨) میل رادەکات.

## یانزەیەم- سێ خاڵی یەک لەدوای یەک (...):

أ- لەبری وشە، یان گرێ، یان ڕستەی قرتێنراو، بەمەبەستی کورتکردنەوەو تەنها دەربڕینی گرنگەکانیان، بەکاردەهێنرێ، وەك:

موحەممەد سلێمانی، کەرکوك، سنە، کرماشان، مەهاباد و ...ی بینیوە.

هەواڵ چەند جۆرێکە: سیاسی، ئابووری، وەرزشی، ...

ب- وتەی ناتەواو:

من... من... بمبەخشە، ناتوانم.

ج- بۆ پیشاندانی درێژکردنەوەی وتەیەک:

هەر ساتێک ئەو بانە، ئە...ها رووخا.

د- کاتێک نەتوانین وشەیەک یان چەند وشەیەک لەدەستنووسێکدا بخوێنینەوە، ئەو سێ خاڵە دادەنێین.

**تێبینی:** ئەگەر لەنیوەی وشەکەدا پێویست بەنیشانەی (...) هەبوو، ئەوا بەوشەکەوە دەلکێنرێ، ئەگینا دەبێت بەجیا بنوسرێ.

دوانزەیەم- بۆشایی (فراغ): بەمەودای نێوان دوو وشەی سەربەخۆ دەوترێ: "بۆشایی"، ئەمە زیاتر لەنووسین بەکۆمپیوتەرو کەرەستەکانی تری نووسیندا زۆر گرنگە، نوسەر دەبێت بزانێت لەچ شوێنێکدا "بۆشایی" پێویستە، یان پێویست نییە، ئەگینا وشەکان واتای هەڵە دەدەن بەدەستەوەو تێگەیشتنیان قورسدەبێت.

تێبینیی جیاوازیی واتای ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن کە بەهۆی بوون، یان نەبوونی بۆشاییەوە لەوشەیەکدا درووستدەبن؛ وەک:

کۆشەر ڕۆژانە، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، بەپێ دەڕوات.

بۆماوەی زیندەیی مرۆڤ -لەپاش مردنیشی- لەکلێنچکەدا دەپارێزرێ.

ئەو پێنووسەی کە لەسەر مێزەکە دانراوە، هی منە.

پێویستە کەلەسەری فیرعەونەکانی کوردستان، پانبکرێتەوە.

هێمن موکریانی دەڵێت:

کە ماڵت بێ، کەماڵت بۆچییە لەو شارە وێرانە؟

کە ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من.

**تێبینی:**

أ- پێویستە (و)ی لێکدەر، بخرێتە پاڵ وشەی پێشییەوە بەبێ بوونی بۆشایی لەنێوانیاندا -ئەگەر فۆنتەکە ڕێگە بدات، وەک: کۆمەڵە فۆنتی (Ali-k)- و لەوشەکەی دوای خۆی جیابکرێتەوە؛ وەک: جوتیارو وەرزێر، ئازادو نەوزاد، کوردو کوردستان، ...تاد.

بەڵام ئەگەر فۆنتەکە ڕێگەنەدات، (و)ی لێکدەر بەم شێوەیە دەنوسرێ: ئیسلام و موسوڵمانان، حوکم و دەستەڵات، کوردایەتی و درۆکردن، ...تاد.

هەروەک: مامۆستا کرێکار دەفەرموێت:

شیعرەکانی کەعب و حەسسان

کاتێک قوڕەیشیان دەترسان

کە لەدوای شمشێری بەدرو

سوپای یەمامە دەوەستان.

ب- ئەگەر وشەی یەکەم بە (و) کۆتایی هاتبوو، (و)ی لێکدەر بەم شێوەیە دەنوسرێ: خانوو زەوی، پیاوو ژن، ناوو نازناو،

زینـدوو مـردوو، ...تـاد. کەواتە: لێرەدا پێویسـتناکات (وو)ەکە بکرێ بە (ووو)، یان لەیەکتری جیابکرێنەوە.

ج- پێویسـتە لەنێـوان بەشـەکانی وشـەی دارێـژراوو لێکـدراودا بۆشـایی نەبێت:

١. وشـــەی دارێـــژراو؛ وەک: هەڵبـــڕین، وازهێنـــان، کـــردنەوە، بـوونەوە، لەنـاو، رادان، راکـردن، مەردانە، بەخۆشـی، زیرەکـانە، ...تاد.

٢. وشـــەی لێکـــدراو؛ وەک: ســـەرلێدان، دەستلەکارکێشـــانەوە، لەســـەرکارلابران، زینـــدووکوژ، مردووپەرســـت، خواویســـتی، وەڵامـدانەوە، داربەڕوو، وێنەکـێش، سـکاڵانووس، بـاوکمردوو، ...تاد.

د- پێویسـتە ئـامرازی پەیوەنـدیی (لە، بە) بخـرێنە پـاڵ وشـەکانی دوای خۆیان، بەبێ بوونی بۆشایی لەنێوانیاندا؛ وەك:

لەئیسـلامدا، لەقورئـانـدا، لەمێژوودا، لەبـازاڕدا، بەچـاکی، بەباشی، بەخێرایی، بەپەلە، بەچالاکی، بەسستی، ...تاد.

**سیانزەیەم- هێڵی لاری (/) یان (\): بەکارهێنانیان بەم شێوەیە دەبێت:**

أ- بۆ نووسینی مێژوو بەشێوەی ژمارە، سوود لەهێڵی لاری (/) وەردەگرین؛ وەك:

شاری کەرکوك لە (١٦/١٠/٢٠١٧ ز.)دا جارێکی تر فرۆشرایەوە.

ب- بۆ نووسینی "دابەشکردن" لەناو دەقێکدا کە پیتی تێدا بەکارهێنرابێت، سوود لەهێڵی لاری (\) وەردەگرین؛ وەك:

خێرایی تیشك = (٣٠٠,٠٠٠ کم\چرکە).

**چواردەیەم- ئەستێرە (*): لەم شوێنانەدا بەکاردەهێنرێ:**

أ- بۆ ڕوونکرنەوەی وشەیەک لەپەراوێزدا.

ب- وەک نیشانەی دەستپێکردنی بابەتێکی نوێ.

**پانزەیەم- تیر (⬅):**

أ- بۆ پیشاندانی ئەنجامێک بەکاردەهێنرێ، وەک:

نووسینەکانی ئێوەم خوێندەوە. ⇐ نووسینەکان: چاووگە، ناسراوە، کۆیە.

ب- لەماناکردنەوەدا بەواتای "بگەڕێوە بۆ":

⟵ ئیبنوتەیمیە، سەید قوتب، ئەبولئەعلای مەودودی.

شانزەیەم- دووبارەبوونەوە وەک ئەوەی پێشوو ( 〃 ): ئەم نیشانەیە لەجیاتیی ڕستەو کۆمەڵە وشەی لێکچوو بەکاردەهێنرێ وەک:

سادەنووسی، واتە: خۆ بەدوورگرتن لەبەکارهێنانی وشەی ئاڵۆز.

〃 〃 〃 〃 〃 چەمکی نامۆ.

حەڤدەیەم- یەکسانە (=): بۆ پیشاندانی یەکسانی لەنێوان دوو بابەتدا بەکاردەهێنرێ؛ وەک:

دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە = ئەوەی بەڕەنجی شانی خۆی بژی، بەبرسێتی سەرنانێتەوە.

## سەرەڕای ئەو (١٧) خاڵەی پێشوو، پێویستە لەڕێنووسدا، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوەیش بکەین:

**یەکەم-** نابێت سەرەتای هیچ وشەیەک بە (وو) دەستپێبکات، بەڵکو دەبێت بەم شێوەیە بنوسرێن:

وڵات، وشکایی، ورمێ، وێستگە، وێنە، ...تاد.

**دووەم-** لەسەرەتای وشەدا، پێویستناکات بەم شێوەیە (ڕ) بنوسرێ، چونکە لەزمانی کوردیدا سەرجەم وشەکان بە (ڕ) دەستپێدەکەن و هیچ وشەیەک نییە بەپیتی (ر) دەستپێبکات، کەواتە: باشتروایە بەم شێوەیەی بنوسرێن:

ڕێباز، ڕەوت، ڕێبەر، ڕۆژگار، ڕەنگاڵە، ڕزگاری، ڕەهەند، ...تاد.

**سێیەم:** پێویستە وشە ناکوردییەکان بەڕێنووسی کوردی بنووسین؛ وەک:

عەبدولعەزیز، بەدرەدین، وۆرد، فەیسبوک، دارولئیسلام، زیهار، سەیدسادق، ئیبراهیم، زیائولحەق، رازی، زولقەرنەین ...تاد.

یان ئەگەر ناچاربووین بۆ زیاتر ڕونکردنەوە، وشەیەک بەڕێنوسی زمانێکی تر بنووسین، پێویستە لەنێوان () دایبنێین؛ وەک:

(عبدالعزيز)، (Word)، (دار الإسلام)، (ظهار)، (سيدصادق)، (ضياء الحق)، (راضي)، (ذو القرنين)، ...تاد.

**چوارەم:** پێویستە ڕەچاوی چۆنێتیی نووسینی پیتی (ی)و (یی) بکەین، واتە: بزانین لەکوێدا (ی)و لەکوێیشدا (یی) دەنوسین؛ ا- نووسینی پیتی (ی) وەک: شارباژێڕی، شارەزووری، هەولێری، کەرکوکی، کوردی، ...تاد.

ب- نووسینی پیتی (یی) وەک: بەرزیی، هەڵەبجەیی، کۆیی، بانەیی، ئیسلامییەکان، کوردییەکان، نەتەوەییەکان، عەلەمانییەکان، ...تاد.

ج- ئەگەر وشەیەک بەپیتی (ی) کۆتاییهاتبێت و وشەیەکی تر بەدوایدا بێت کە ببێتە تەواوکاری وشەی یەکەم، ئەوا بەشێوەی (یی) دەینووسین؛ وەک: سلێمانیی نوێ، ئەژیی برام، کوردایەتیی درۆ، مرواریی دەریا، بینایی چاو، ...تاد.

**پێنجەم:** هەندێک وردەکاریی تر لەکاتی ڕێنووسی کوردیدا گرنگیی خۆی هەیە، بۆ نموونە: هەندێک وشەی کوردی بەزیادو کەمکردنی تەنها پیتێکی وەک خۆی یان هاوشێوەی واتاکەی زۆر دەگۆڕێت؛ وەک:

أ- کوڕ، کووڕ؛ ئاشکرایە ئەم دوو وشەیە جیاوازن و بەتەنها زیادو کەمکردنی هەمان پیت، واتاکەیان زۆر دەگۆڕێت.

ب- گوڵ، گول، گۆڵ، گۆل، ... کوڵ، کول، کۆڵ، ...تاد. ئاشکرایە جیاوازیی ئەم وشانەیش بەنووسینی تەنها پیتێکی هاوشێوە، درووستدەبێت.

**شەشەم:** پێویستە لەکاتی نووسیندا وشەی شیاو هەڵبژێرین، چونکە هەندێک وشە هەن کە چاووگێکی درووستیان نییە، یان هەندێک

وشـە لەبنچیـنەدا واتـایەکی تریـان هەیە، یـان بـۆ مەبەسـتێکی تـر بەکارهـاتوون، بەڵام ئێسـتا بـۆ مەبەسـتێکی تـری دوور لەچـاووگە درووستەکەیان بەکاردەهێنرێن، هەندێک لەو وشانە؛ وەک:

| ز | وشەی هەڵە | وشەی ڕاست |
|---|---|---|
| ١ | پێشنیار | پێشنیاز |
| ٢ | بەروار | مێژوو |
| ٣ | شەڕ، شەڕکەر | جەنگ، جەنگاوەر |
| ٤ | ڕفاندن | فڕاندن |
| ٥ | ڕێککەوتن | ڕێکەوتن |
| ٦ | سیخوڕ | جاسوس |
| ٧ | کۆمەڵگەی کوردەواری | کۆمەڵی کوردەواری |
| ٨ | کلتور | کەلتور، کولتور |

**تێبینی:** باشـتروایە لەکـاتی نووسـینی بزوێنی (ە، ا)دا بـزانین کامەیـان شـیاوترە، چـونکە هەنـدێک جـار بەشـێوەیەکی بـاو وشـەیەک کۆتـایی بەبزوێـنی (ا) هـاتووە، بەڵام پێویسـتـە لەجیـاتیی ئەوە بزوێنـی (ە) بەکـاربهێنین، یـان بەپـێچەوانەوە، ئەمەیـش بەمەبەسـتی جـوانتر دەربڕینی و دوورکەوتـنەوە لەگـاڵتەکردنی خەڵکی پێی، بەتـایبەتی ئەو وشانەی بەپاشگری (گا، کەر) کۆتاییانهاتووە؛ وەک:

یـاریگە، فرۆشـگە، پێشـانگە، پەیمـانگە، ... نوێژکـار، ئامادەکـار، بەخێوکار، درووێنەکار، تەواوکار، ...تاد.

## سەرچاوەکان:

- بابەتێک دەربارەی خاڵبەندی، ئا: دیاکۆ هاشمی.
- خاڵبەندیی پراکتیکی، ئا: رێبوار سیوەیلی، موسڵیح ئیروانی، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ١٤٢٤کۆ.- ٢٠٠٣ز.
- وانەی زمانی راگەیاندن، کۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی.
- رێنماییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، دەربارەی رێنووسی زمانی کوردی.
- زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دەیەمی ئامادەیی، بەشی خاڵبەندی، ل٩٢-١٠٢، چاپی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.
- زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی، بەشی رێزمان، چاپی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)
ئامادەیی ئامەد

ماڵپەر
zadyreman.com
فەیسبووك
fb.com/zadyreman
هەژماری تویتەر
twitter.com/zadyreman
هەژماری ئینستاگرام
instagram.com/zadyreman
ئیمێڵ
zadyreman@gmail.com